# دیـــــــوان

هۆنراوەی شالاو

## من شاعیر نیـــــــم

هەرگیز ڕۆژێ یەخەی دوو پیتی دڵ بە خەم
ناگرم بەهەند
یان لە دووتوێی هۆنراوەیەک
چاوی ڕەشی کچۆلەیەک
نابەم بە پەند
مام هێمن نیم
بڕێنمەوە شەنگە بێری و
بمەوە شوان لە کوێستان ودۆڵ وخەرەند
من پەشێو نیم
شیعر بکەم بە ملوانکەو
بیئالێنمە شووشەی گەردن
پەلکە زێڕینەی بۆ بگرم
بۆشی بکەم بە کەمەربەند
من شێرکۆش نیم
شیعر بکەم بە پێشمەرگەو
بینێرم بۆ سەر لووتکەی جەنگ
یان بە کەمەری لاوێکدا
بیکەم بە فیشەک وتفەنگ
بەلام کاتێ
کانی چاوم دادەبارێ و
فرمێسکم دەبێتە باران
یان ئەو کاتەی
هەر پێنج پەنجەی دەستی ڕاستم

**دەبێت بەژان**

**لەم کاتەدا نەک دیوانێ**

**دڵم دەبتە هەزار دیـــــــــــوان ...**